# حوکمی شەرعی مامەڵەکردنی ( التَّوَرُّق )

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : حاجی ئومێد چروستانی

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ حكم التَّوَرُّق ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : حاج أوميد جروستاني

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# حوكمی شەرعی مامەڵەكردنی ( التَّوَرُّق )

سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری بەبەزەیی ومیهرەبان ودرود ورەحمەتی بەلێزمە بۆ سەرگیانی پاكی پێشەوای مرۆڤایەتی وفەخری كائینات محمد المصطفی وئال وبەیت وسەرجەم هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

سەرەتا پێویستە خوێنەری بەڕێز ئاشنا بكەین بە پێناسەی ( التورق ) لە زمانەوانی وزاراوەی فیقهی ئیسلامیدا .

التورق لەزمانەوانیدا : التوّرق مصدر تورق والورق بكسر الراء الدراهم المضروبة من الفضة وقيل الفضة مضروبة أو غير مضروبة (١) تەوەڕوق چاوگی فیعلی ( تَوَرَقَ ) یە وەرق یش بەكەسەرەی پیتی ( ڕاء ) بە واتای درهەمێك دێت كە بەدراو كرابێت لە زیوو، وتراویشە كە بەمانای زیوو دێت جا ئەگەر چی بەدراو كرا بێت یان بەدراویش نەكرابێت .

التورق لە زاراوەی فیقهی ئیسلامیدا : هو أن يشتري رجل سلعة نسيئة ثم يبيعها نقداً بأقل مما اشتراها به لغير البائع له (٢) واتە : بریتی یە لەوەی كەسێك بەقەرز كاڵایەك بكڕێت پاشان بەكاش ونەقد بەكەمتر بیفرۆشێتەوە بەكەسێكی تری جگە لەفرۆشیارەكەی یەكەمجاری.

بەم مانایەی تریش دێت : ئەوەیە كە كاڵایەك بەپارە ونرخێكی دواخراو یان بەپارەیەكی بەش بەش ( مقسط ) بكڕێت ، وپاشان بیفرۆشێتەوە بەپارەیەكی حازر ئەویش لەپێناو دەست كەوتنی پڕێك پارە بۆ ئەوەی پێویستی خۆی بەو پارەیە دەربكات.

ئامانج لەم مامەڵەیە : بۆ ئەوەیە كە كەسی كڕیار لەبەر ئەوەی حاڵی حازر پارەی پێ نیە و وپێویستیەكی زۆریشی بەپارە هەیە بۆیە لەو ڕێگایەوە دەیەوێت ئەو كاڵایە بە قەرز بكڕێت وپاشان بە نەقد وحازر بیفرۆشێتەوە بەكەسێكی تر لەپێناو دەست كەوتنی ئەو پرە پارەیەی كەدەیەوێت، ئەمەش بە ئامانجی ئەم مامەڵەیە دادەنرێت .

زاراوەی ( التورق ) لای زانایانی كۆن جگە لە مەزهەبی حەنبەلی بە ( بيع العينة ) ناوبراوە، بەڵام لای زانایانی مەزهەبی حەنبەلی وهەندێكی تر بە ( التورق ) هاتووە (٣) .

## حوکمی شەرعی ئەم مامەڵەیە لای زانایانی ئیسلام

زانایانی ئیسلام ڕای جیاوازیان هەیە لەم مەسئەلەیەدا :

**ڕای یەکەم :** جمهوری زانایان پێیان وایە ئەم مامەڵەیە مامەڵەیەکی دروستە وهیچ کێشەیەکی تێدا نیە (٤) .

بەڵگەکانی جمهوری زانایان لەسەر دروستی ئەم مامەڵەیە ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت : ( أحَلَ اللهُ البيعَ وَحَرّمَ الرِّبَا ) { البقرة :٢٧٥ } واتە : خوای گەورە کڕین وفرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و سوود و ڕیباشی حەرام و قەدەغە کردووە، بەووتەی ئەم زانانیانە مامەڵەی ( تورق ) یش ئەچێتە چوارچێوەی ئەو کڕین وفرۆشتنانەی کە خوای گەورە حەڵاڵی کردوون، چونکە مەبەست لێی وەرگرتنی سوود نیە .

بەڵگەشیان لەسوننەت ئەم فەرموودەیە یە: عن أبي سعيد الخدری وأبی هريرة رضي الله عنهما : "أن رسول الله صلى الله عليه وسلم استعمل رجلاً على خيبر فجاءهم بتمر جنيب (طيب) فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم : أكُلُّ تمر خيبر هكذا ؟ قال : لا والله يا رسول الله إنّا لنأخذ الصاع من هذا بالصاعين والصاعين بالثلاثة، فقال : لاتفعل، بع الجمع (نوع رديء من التمر) بالدراهم ثم ابتع بالدراهم جنيبا (نوع جيد من التمر) (٥) .

واتە : پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پیاوێکی کردە کاربەدەست بەسەر شاری خەیبەرەوە، پاشان جۆرە خورمایەکی باشی هێنا بۆلای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەویش فەرمووی : ئایا خورمای هەموو خەیبەر ئا بەم شێوەیەیە؟ ئەویش ووتی نەواللە ئەی پێغەمبەری خودا، ئێمە صاعێك لەم خورمایە وەردەگرین بە دوو صاع لەخـــــورمای تر ( واتە خورمای خراپ ) دوو صاعیش بە سێ صاع لەخورمای تر، پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : شتی وامەکە بەڵکو پڕۆ ئەو جۆرە لەخورما خراپەکە بفرۆشن بەچەند درهەمێك پاشان بەو چەند درهەمە خورمای باشی پێ بکڕن .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کاری یەکەم جاریان سوود ( ربا ) ی تێدا بووە بۆیە پێغەمبەری خودا قەدەغەی کردوون لێی، پاشان ڕینومایی کردون بۆ ئەوەی ئەو خورما باشە بکڕن پێویستە خورما خراپەکە بگۆڕن بە پارە و پاشان بەپارەکەی خورمای چاك بکڕن، جا کەسی کڕیار بۆ ئەوەی پارەی دەست بکەوێت کاڵاکەی خۆی فرۆشتووە وپاشان لەپێناو دەرکردنی پێویستیەکەی خۆی بەو پارەیە خورمای باشی پێ کڕیوە هەرچەند خورما خراپەکەی خۆیشی فرۆشتوە بەکەمتر، ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەکی

زۆر صەریحە لەسەر دروستی مامەڵەی ( التورق ) (٦) .
هۆی دروستیەکەشی بۆ ئەوە دەگێرنەوە کە دەڵین : موشتەری ئەم کاڵایە مەبەستی لەم مامەڵەیەدا یان ئەوەیە کە مەبەستیەتی ئەو کاڵایە بۆخۆی بکڕێت یان مەبەستی ئەوەیە بیفرۆشێتەوە و سوود لەپارەکەی وەربگرێت. بەڕای جمهوری زانایان ئەم دوو مەبەستە هەردووکیان دوو مەبەستی ڕێگا پێدراو ومەشروع وصەحیحن، هەروەها هۆکارێکی تری دروستی ئەم مامەڵەیە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە جۆرێکە لەجۆرەکانی کڕین وفرۆشتن و مەبەست پێی وەرگرتنی ( ربا = سوود ) وئەنجامدانی شێوەیەك لەشێوەکانی نیە، هەر لەبەر ئەم بەڵگانەیشە لیژنەی هەمیشەی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستیی وفـەتوادان لەشانشینی عەرەبستانی سعودیە ئەم جۆرە مامەڵەیە بەمامەڵەیەکی حەڵاڵ ودروست داناوە (٧) .
**ڕای دووەم :** ووتەیەکی ئیمام ئەحمەدە هەروەها شیخ الإسلام ابن التيمية (٨)و ابن القيم الجوزى (٩) قوتابیشی پێیان وایە ئەم مامەڵەیە مامەڵەیەکی حەرام ونادروستە، لەم پێناوەشدا زۆر بەرگریان لەم ڕایەی خۆیان کردووە وهۆکاری حەرامیەکەشی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە دەڵێن : مەبەست لەم مامەڵەیە وەرگرتنی دەراهیم بەدەراهیمە وئەو کاڵا فرۆشتن وکڕینەش تەنها فێڵێکە بۆ ئەوەیە ئەم مامەڵە حەرامەی پێ حەڵاڵ بکەن، حەڵاڵکردنی حەرامەیش بەچەند وەسائیل و هۆکارێك کە ناتوانێت ئەو مەفسەدەیەی کە لێی دەکەوێتەوە لای ببات هیچ کەڵك وسوودێکی نیە، چونکە پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : ( إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى ) (١٠) واتە : هەموو کار وکردەوەیەك بەپێی نیەتەکانە، وە هەموو کەسێکیش ئەوەی بۆ دەبێت کە نیەتی کردووە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی کە ئەم جۆرە مامەڵەیە دەکات نیەتی کڕین وفرۆشتنی کاڵا نیە بەڵکو مەبەستی بەدەستهێنانی پارەیە پارەش بەپارە دەبێت سەربەسەر بێت بێ کەم وزیاد، جا ئەگەر بەم شێوەیە بوو موشتـەری پـارە دەگۆڕێتەوە زیاد دەدات و کـەم وەردەگرێت ئەمـەش سوود ( ڕبا ) یەکی تەواوە .
یەکێکی تر لەبەڵگەکانیان ئەم ڕیوایەتەیە : حديث أبي إسحاق السبيعي عن امرأته أنها دخلت على عائشة رضي الله عنها فدخلت معها أم ولد زيد بن أرقم .فقالت: ياأم المؤمنين ، إني بعت غلاما من زيد بن أرقم بثمانمائة درهم نسيئة . وإني ابتعته منه بستمائة نقدا ، فقالت لها عائشة: بئسما اشتريت ، أخبري زيدا أن جهاده مع رسول الله صلى الله عليه وسلم قد بطل إلا أن يتوب، قالت: أيا أم المؤمنين أرأيت إن لم آخذ إلا رأس مالي ، فقالت لها عائشة: ( فَمَنْ جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّهِ فَانْتَهَى فَلَهُ مَا سَلَفَ

وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ ) (١١) واته : ئەبى ئیسحاق ئەگێڕێتەوە کە خێزانی رۆشتە لای عائشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) لەگەڵ ئەویشدا کەنیزەکێکی زەیدی کوڕی ئەرقەم کە منداڵێکی لێی بوو بوو هاتە لای دایکی باوەڕداران وئەم کنیزەکە ووتی : ئەی دایکی باوەڕداران من خزمەتکارێکی زەیدی کوڕی ئەرقەمم بەقەرز فرۆشت بەهەشت صەد درهەم، پاشان من لەو کەسەم کڕیەوە بەشەش صەد درهەمی نەقد وحازر، ئەمجا عائیشە ( خوای لێی ڕازی بێت ) پێی فەرموو : شتێکی خراپت کرد، بە زەید ڕابگەیەنە کە ئەو جـهاد وتێکۆشانەی کە کردویەتی لەگەڵ پێغەمبەری خودا ( صلی الله علیه وسلم ) هەمووی بەتاڵ بوویەوە ئیلا ئەوە نەبێت کە تەوبە بکات وبگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە، ئەمجا ژنەکە ووتی : ئەی دایکی باوەڕداران پێت چۆنە من تەنها سەرمایەکی خۆم وەربگرمـەوە، ئەمجا عائیشە ( خوای لێ رازی بێت ) ئەو ئایەتەی بۆ خوێندەوە کە ئەمە ماناکەیەتی : جا هەر کەسێك ئامۆژگاری پەروەردگاری بۆهات و بەگوێیشی کردو وازی لە سوود خواردن هێنا، ئیتر ئێستا لە سوودێ کە لەپێشەوە خواردوویەتی، چاوپۆشی لێ ئەکرێ چونکە ئەوە پێش یاساغبوونی ریبا بووە، لەمەودوایش حەواڵەی لای خوا دەکرێت و دەکەوێتە بەر وویست ومەشیئەتی خوای گەورە کە لێی خۆش ببێت یان سزای بدات .

بەڕای ئەو زانایانەی کەئەم جۆرە مامەڵەیـان بەلاوە حەرامە دەڵێن ئەمە قەدەغـەکردنێکی صەریحـی ( التورق ) ە کەدایکی باوەرداران زۆر بەتووندی ئینکاری ئەو کڕین وفرۆشتنەی کردووە .

ئیمامی شافعیش لای خۆیەوە ئەم ڕیوایەتەی باس کردووە، بەڵام بە لاوازی داناوە ئەویش لەبەر نادیاری ( جهالة ) حاڵی ژنەکەی ئەبی ئیسحاق و ئەلێت : ئەگەر ئەم ڕیوایەتە ثابت ببوایە ئەوا دایکی باوەڕداران ڕەخنەی ئەوەی لێ گرتووە کە مامەڵەکەی بەستوەتەوە بەکاتی مووچە وەرگرتنەکەیەوە، ئەمەش کاتێکی نادیارە وکاتی نادیاری وەرگرتنی نرخی کاڵای فرۆشراویش دروست نیە .

هەروەها ئیمامی شافعی ئەوەشی ووتوە : ووتەی لەم جۆرە لەکەسێکی وەك عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ثابت نابێت، وە زەیدی کوڕی ئەرقەمیش مامەڵەیەك ناکات کە حەڵاڵ نەبێت .

ئەوەی باسمان کرد حوکمی شەرعی مامەڵەکردنی ( التورق الحقیقي ) یە لای زانایان وئەهلی عیلمەوە، کە ڕای دروستر وراجح تر بەلای ئێمەشەوە ڕای جمهوری زانایان و زۆربەی ئەهلـی عیلمە کە مـامەڵەکردنی ( التـورق ) یان بەلاوە دروست وحەڵاڵە، ئەویش لەبەر بەهێزی بەڵگەکانی ئەوان و لاوازی ڕای بەرامبەریان .

بەڵام ئەوەی ئێستا لەهەندێك لەدامەزراوە درایی وبانکە ئیسلامیەکاندا ئەنجام دەدرێت کە بە ( التورق المنظم ) ناسراوە، زانایانی سەردەم و مەجمەعی فیقهی ئیسلامی سەربە ڕابطەی جیهانی ئیسلامی ومەجمەعی فیقهی ئیسلامی گرێدراو لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی کەزۆربەی زۆری زانایان وپسپۆرانی جیهانی ئیسلامی لەخۆ گرتووە، فەتوای حەرامی ( التـورق المنظم ) یـــان داوە، بەڵام بـــابزانین ئایا مانای ( التورق المنظم ) چیە ؟

**( التورق المنظم ) لە بانکەکاندا : بەو شێوەیە دێت کە ئەو بانکە خۆی هەڵدەسێت بەکڕینی ئەو کاڵایە لەفرۆشیاری یەکەم، لەسەر بەڵێن و وەعدی یەکێك لەموشتەریەکانی کە پێی وتووە بۆی بکڕێت، یان دەکرێت هیچ وەعد وبەڵێنێکیش پێشتریش نەبووبێت لەنێوانیاندا بۆ کڕینی ئەو کاڵایە .

پاشان لەدوای ئەوەی موشتەریەکە ئەبێت بەخاوەنی ئەو کاڵایە، ئەو بانکە لای خۆیەوە بەصیفەتی ئەوەی کە دەبێت بەوەکیلی موشتەریەکەی هەڵدەسێت بەفرۆشتنی ئەو کاڵایە بەپارەی نەقد وحازر بەهەرکەسێکی تر کە ئارەزووی کڕینی ئەو کاڵایەی هەبێت، دەگونجێت موشتەری دووەم واتە ئەو کەسەی کە کاڵاکە بە پارەی حازر دەکڕێت هەر بانك خۆی بێت کە یەکەم جار خاوەنی ئەو کاڵایە بووە و فرۆشتویەتی بەموشتەری یەکەم، واتە جارێکی تر کاڵاکە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی ئەویش لەبەر ئەوەیە پێشتر بەپارەیەکی زیاتر فرۆشویەتی وئێستا بەپارەیەکی کەمتر دەیکڕێتەوە لەو کەسەی کە یەکەمجار پێی فرۆشتوە .

ئەم جۆرەش لەمامەڵە بانکە ئیسلامیەکان پەنایان بۆ بردووە لەبەر ئەوەی خۆیان بپارێزن لە قەرزدان بە سوودەوە چونکە ئەم بانکانە ئامادە نین ( قرض الحسنة ) (١٢) بدەن بەموشتەریەکانیان لەبەر ئەوەی ئەگەر ( قرض الحسنة ) بدەن ئەوە بێگومان هیچ قازانجێك ناکەن و هەموو سەرمایەکەیان لە قەرزدا دەڕوات .

نمونەکەیشی وەك ئەوەی کە کەسێك بچێت بۆ لای یەکێك لەو بانکانە و داوای قەرز بکات ئەویش ئەڵێت : من قەرزم نیە بدەمێ بەڵام دەتوانم کاڵایەکەت بۆ بکڕم بەقەرزی درێژ خایەن یان بە دانەوەی بەش بەش ( تقسیط ) لەیەکێك لەو کۆمپانیانەی خۆت دەسنیشانی ئەکەیت ئیتر ئەو کاڵایە ئاسن بێت یان ئۆتۆمبیلێك بێت یان خانویەك بێت یان هەر بەرهەمێکی تر، ئەم مامەڵەیەش تەنها مامەڵەیەکی ( صوري ) ە ومەبەست لێی ئەوەیە کەبەو فێڵ کردنە خۆیان تووشی سوود ( ڕبا ) وەرگرتن نەکەن.

بۆ نمونە ئەگەر بانك ئەو کاڵایە بکڕێت لەکۆمپانیاکە بە ( دە ) ملیۆن دینار دواتر بانك ئەو کاڵایە ئەفرۆشێت بەو موشتەریە بەقەرز یـان بەدانەوەی بەش بەش ( تقسیط

بــە ( دوانزە ) ملیۆن دینار، پاشان ئەو موشتەریە لەبەر ئەوەی مەبەستی لەم مامەڵەیە بەدەستهێنانی پارەیە هەڵدەسێت بانك ئەكات بەوەكیلی خۆی بۆ فرۆشتنەوەی بۆ نمونە بانك كاڵاكە ئەداتەوە بە ( نۆ ) ملیۆن دیناری حازر چونكە ئەو كاڵایە پارەكەی خــۆی ناكــاتەوە لەبازاڕدا، بەمەش مەبەستی موشتەریەكەی دێنیتە دی، بــەڵام ئــەم موشتەریە ( سێ ) ملیۆن دیناری زەرەر كرد، ئەمەش ئەو تەوروقە ڕێكخراوەیە كە زانایان بەلایانەوە دروست نیە، چونكە بەلایانەوە وایە ئەم جۆرە مامەڵەیە كە بانكەكان پێ هەڵدەستن فێڵێكە بۆ حەڵاڵكردنی سوود ( ڕبا ) لەبەر ئەوەی لەم وێنەی سەرەوەدا وەك ئەوە وایە ئەو موشتەریە قەرزی ( نۆ ) ملیۆن دیناری وەرگرتبێت بۆ ماوەیەك بە (دوانزە ) ملیۆن دینار ، قاعدە فقهیەكەی زانایانیش دەڵێت : ( كل قرض جر منفعة فهو ربا ) واتە : هەر قەرزێك مەنفەعە و سوودێك ڕابكێشێت ئەوە دەبێت بە سوو د وریبا .

جیاوازی نێوان ( التورق الحقیقي ) و ( التورق المنظم ) یش ئەوەیە كە لە تەوەڕوقی حەقەقیدا موشتەری بە فیعلی دەبێت بەخاوەنی ئەو كاڵایە وبەحەقیقیش ئەو كاڵایە وەردەگرێت ( قبض ) ی دەكات و خۆیشی سەرپشكە لەوەی دەیفرۆشێت یان هەڵی دەگرێتەوە بۆخۆی، كە هەریەك لەمانە مەرجی دامەزراندن ودروستی هەموو مامەڵەیەكن، بەڵام لە تەوەڕوقی ڕێكخراو ( المنظم ) دا مامەڵەكە مامەڵەیەكی صوەری یە وموشتەری هەر بەناو دەبێت بە خاوەنی ئەو كاڵایە ئەگینا بە حەقیقەت بانك هەر خۆی ئەو كاڵایە دەكڕێت وهەر خۆیشی دەیفرۆشێت وزۆر جاریش هەرخۆی ئەو كاڵایە دەكڕێتەوە، بەمەش دەردەكەوێت بڕیار ورای زانایان هەردوو مەجمەعی فیقهی ئیسلامی بڕیارێكی ڕاستە و بڕیارێكە ڕەچاوی ( سد الذریعة ) ی تێدا كراوە و ڕیگری دەكات لە كەوتنە ناو سوود و ڕێباوە .

ئەمەش دەقی بڕیارەكەی مەجمەعی فیقهی ئیسلامی گرێدراو لە ڕێكخراوی كۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی یە (١٢):

بعد اطلاع مجمع الفقه الإسلامي على البحوث الواردة إليه بخصوص موضوع التورق: حقيقته، أنواعه ( الفقهي المعروف والمصرفي المنظم )، وبعد استماعه إلى المناقشات التي دارت حوله، وبعد الاطلاع على قرارات المجمع الفقهي الإسلامي التابع لرابطة العالم الإسلامي بمكة المكرمة بهذا الخصوص قرر ما يلي : .......

لا يجوز التورقان ( المنظم و العكسي) وذلك لأن فيهما تواطؤاً بين الممول والمستورق، صراحة أو ضمناً أو عرفاً ، تحايلاً لتحصيل النقد الحاضر بأكثر منه في الذمة وهو ربا .

ويوصي بما يلي :

أ- التأكيد على المصارف والمؤسسات المالية الإسلامية باستخدام صيغ الاستثمار والتمويل المشروعة في جميع أعمالها ، وتجنب الصيغ المحرمة والمشبوهة التزاماً بالضوابط الشرعية بما يحقق مقاصد الشريعة الغراء، ويجلي فضيلة الاقتصاد الإسلامي للعالم الذي يعاني من التقلبات والكوارث الاقتصادية المرة تلو الأخرى.

٢- تشجيع القرض الحسن لتجنيب المحتاجين للجوء للتورق . وإنشاء المؤسسات المالية الإسلامية صناديق للقرض الحسن .

بەکورتی مەجمەعی فیقهی ئیسلامی فەتوای ئەوەی داوە کە ئەم جۆرە لەمامەڵەکردن کەمەبەست پێی ( التورق المنظم ) ە مامەڵەیەکی حەرامە ودروست نیە کە بانکەکان ئەنجامی بدەن، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕیکەوتنێکی صەریح یان عورفی یان ضمنی هەیە لە نێوان بانك وموشتەریەکەیدا ئەویش بەفێڵ کردن لەپێناو دەست کەوتنی پارەیەکی نەقد وکاش زیاد لەوەی کە لە گەردنیدایە، ئەمەش سوود و ڕیبایە .

لەکۆتایشەوە ئامۆژگاری دامەزراوە مالیی وبانکە ئیسلامیەکان دەکەن رێگاو هۆکارە شەرعییەکان بەکار بهێنن لەبەرهەمهێنان و سەرجەم سەرمایەگوزاریەکانیاندا، وە دوور بکەونەوە لەهەموو ئەو ڕێگاو هۆکارانەی کە حەرامن یان گومانی حەرامییان لێ دەکرێت، ئەویش لە پێناو پابەند بوون بەضەوابطە شەرعیەکان کە مەبەست ومەقاصدە شەرعیەکانیان پێ تەحقیق دەکرێت، بۆ ئەوەی بڵندی وبەرزی ئابووری ئیسلامی بۆ تەواوی خەڵکی دەربکەوێت کە حاڵی حازر هەموو جیهان دەناڵێت بەدەست گۆڕانکاری ومەینەتی یە ئابوورییە یەك لەدوای یەکەکانەوە .

هەروەها داوا دەکات لەو بانکانە هانی قەرزپێدانی حەسەنە بدەن بۆ ئەوەی خاوەن پێداویستیەکان دوور بکەونەوە لە پەنابردن بۆ مامەلەکردن بە ( التورق ) ەوە، وە دامەزراوە داراییە ئیسلامیەکان هەوڵبدەن کە صندوقی قەرز پێدانی حەسەنە دابمەزرێنن .

ئەم بڕیارەی مەجمەعی فیقهی ئیسلامی گرێدراو لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئسلامی وەرگیراوە لە بڕیاری مەجمەعی فیقهی ئیسلامی سەربە ڕابطەی جیهانی ئیسلامی کە بارەگای سەرەکی لە شاری مەککەی پیرۆزە (١٤)، لەبەر ئەوە پێویست بەوە ناکات بڕیارەکەی ئەوانیش دووبارە بخەینە ڕوو.

لە کۆتایدا دەگەینە ئەو ئەنجامانە :

یەکەم : ئەو مامەڵەیەی کە بە ( التورق المنظم ) ناسراوە وهەندێك لە بانك و دامەزراوە مالییە ئیسلامیەکان پێی هەڵدەسن لەسەر ڕای زۆرینەی زانایان و

پسپۆڕانی ئابووری ئیسلامی حەرامە ودروست نیە ئەنجام بدرێت و پێویستە بانکە ئیسلامیەکان بیر لە بەدیلێکی تر بکەنەوە لەم بوارەدا .

دووەم : سەبارەت بە مامەڵەی ( التورق الحقیقی ) کە زانایانی کۆن قسەیان لەسەر کردووە دروستە ئەنجام بدرێت ئەویش بەم مەرجانە ی خوارەوە لە پێناو جودا کردنەوەی لە ( البیع العینة ) (١٥) کە زانایانی پێیان حەرامە و بەڵگەی صەریحی سوننەتی لەسەر هاتووە .

مەرجەکانی دروست بوونی ( بیع التورق الحقیقی ) کە زانایان ئاماژەیان پێکردووە :

**یەکەم :** سەرەتا دەبێت ئەو کاڵایە موڵکی کەسی فرۆشیار بێت ولەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت بەشێوەیەك بتوانێت تەصەڕوفی پێوە بکات .

**دووەم :** ئەبێت کەسی کڕیار ( المستورق ) ئەو کەسەی کە پارەکەی پێویستە بەحەقیقی هەڵبسێت بەکڕینی ئەو کاڵایە بەپریك پارەی قەرز، بەو مانایە ئەو کاڵایە بەحەقیقی ببێت بەموڵکی و وەری بگرێت وبتوانێت تەصەڕوفی پێوە بکات وپرواتە ضەمانەتی ئەوەوە .

**سێهەم :** پاشان کەسێ کڕیار ( المستورق ) هەڵبسێت بە فرۆشتنی ئەو کاڵایە بەپارەیەکی حازر وکاش بەکەسێکی تر غەیری ئەو کەسەی کە یەکەم جار لێی کڕیوە.

**چوارەم :** نابێت بەهیچ شێوەیەك ئەو گرێ بەستە گرێ بەستێکی ( صوري ) شکلی بێت وپێشتر هەردوو لایەنی ( کڕیار و فرشیار ) ڕێککەوتبن لەسەر ئەوەی جارێکی تر ئەو کاڵایە بگەڕێتەوە بۆ فرۆشیار، بۆ نمونە فرۆشیار بڵێت : ئەوە من ئەو کاڵایەم بەقەرز فرۆشت بەتۆ بە دە ملیۆن دینار ئەویش بڵێت ئەوە قەبوڵم کرد، پاشان ئەو کەسەش بڵێت بە کەسی فرۆشیار ئەوە منیش تۆم کرد بەوەکیل بۆ فرۆشتنی ئەو کاڵایە کە بیفرۆشیت بە هەشت ملێۆن دیناری حازر ، جا ئەو کەسە بۆی هەیە خۆی جارێکی تر بیکڕێتەوە بۆیشی هەیە بیداتەوە بەکەسێکی تر، ئەمەس کە ووتمان پێی دەوترێت گرێ بەستێکی صوري کە دروست نیە بەم شێوەیە بێت، چونکە ئەمە فێڵ کردنە لەپێناو بەدەست هێنانی پارە بۆ خۆ دزینەوە لە کەوتنە ناو سوود و ڕیباوە ورێگایەکیشە بۆ بڵاوبونەوەی مامەڵە کردن بە سوود وریباوە.

خۆشەویستان ئەوەی باسمان کرد باسێکی کوورت بوو لەسەر ( بیع التورق ) هیواداریین توانیبێتمان شتێکمان خستبێتە سەر خەرمانی عیلم و زانست وزانیاریتان .

لەکۆتایدا داواکارین لەخوای گەورە ڕێنومایمان بکات بۆ ئەوەی زیاتر شارەزامان بکات لەئاینە پیرۆزەکەی وسەرکەوتویشمان بکات لەپێناو کارکردن بەوەی کە شارەزامان دەکات ولەگوناهی هەموو لایەکیشمان خۆش بێت بە لوتف و میهرەبانی خۆی .

**پەراوێزەکان :**

---

١) المصباح المنير ٤٤١/٢ – تاج العروس مادة (ورق).

٢) الفروع لابن مفلح ١٧١/٤ بتصرف ومعه تصحيح الفروع للمرداوى ط. عالم الكتب. شرح ابن القيم الجوزية لمختصر سنن أبي داود ١٠٨/٥ ط السنة المحمدية – الفتاوى لابن تيمية ٣٠/٢٩.

٣) كشاف القناع ١٨٦/٣ مكتبة النصر – فتح القدير ٤٢٥/٥ ط بولاق – حاشية ابن عابدين ٢٧٩/٤ ط بولاق – الروضة ٤١٦/٣ – أوجز المسالك ١٢٨/١١ ط المعارف.

٤) كشاف القناع ١٨٦/٣، الفروع ١٧١/٤، شرح ابن القيم على لمختصر سنن أبي داود ١٠٨/٥بتحقيق أحمد شاكر، وفتح القدير ٤٢٥/٥، حاشية ابن عابدين٢٧٩/٤، أوجز المسالك ١٢٨/١١ .

٥) رواه البخاري (الفتح) ٣٩٩/٤ ط السلفية – والمصنف لابن أبى شيبة ٥٩٣/٦ – والمصنف لعبد الرزاق ١٨٨/٨.

٦) العدة على أحكام الأحكام ١١٣/٤ – الإعلام بفوائد عمدة الأحكام ٣٣٧/٧.

٧) السؤال الثامن من الفتوى رقم ( 16402 ) .

٨) الفتاوى الكبرى لابن تيمية (٣٩٢/٥) .

٩) إعلام الموقعين: ( ١٧٠/٣).

١٠) متفق عليه .

١١) رواه البيهقي والدار قطني .

١٢) مەبەست لە ( القرض الحسنة ) ئەو قەرزەیە کە کەسێ خاوەن پارە یان خاوەن کاڵا ئەو پارەیە یان ئەو کاڵایە بدات بەو کەسەی کە داوای ئەو قەرزە دەکات بۆ ماوەیەکی دیار کراو بەبێ ئەوەی پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە زیاتر لەو کەسە وەربگیرێتەوە کە قەرزەکەی لایە، هەر بۆیە ناونراوە ( القرض الحسنة ) وەاتە ئەو قەرزەی کە مەبەست لێی تەنها بەدەستهێنانی حەسەنات و چاکەیە لای پەروەردگار.

١٣) قرار مجلس مجمع الفقه الإسلامي الدولي المنبثق عن منظمة المؤتمر الإسلامي المنعقد في دورته التاسعة عشرة في إمارة الشارقة ( دولة الإمارات العربية المتحدة ) من ١ إلى ٥ جمادى الأولى ١٤٣٠هـ ،الموافق 30 –26نيسان ( إبريل2009 م) .

١٤) قرار المجمع الفقهى الإسلامى في دورته (١٧) التي عقدت في رابطة العالم الإسلامي بمكة المكرمة في الفترة من ١٩-٢٣ شوال سنة ١٤٢٤هـ.

١٥) پێناسەي بيع العينة : ( بيع الرجل سلعة لرجل آخر بثمن مؤجل، ثم يشتريها منه بعقد آخر بثمن أقل نقدا ) { سەیری المغنى لابن قدامه ٤/لاپەڕە ١٣٢، هەروەها تكملة المجموع

للسبكى ١٠/ لاپەڕە ١٢٤بكه } واته : بريتى يه لەوەى كەسێك كاڵايەك بەقەرز بفرۆشێت بەكەسێكى تر ،پاشان هەر ئەو كەسە بە گرێ بەستێكى تر ئەو كاڵايە بەپارەيەكى كەمتر وحازر وكاش بكڕێتەوە لەو كەسەى كەپێى فرۆشتوە يەكەم جار .

ئەم جۆرە مامەڵە و گرێ بەستە لەئاينى پيرۆزى ئيسلامدا قەدەغە ورێگرى لێكراوە وبە ( بيع العينة ) ناسراوە وپێغەمبەرى خوداش قەدەغەى كردوە وەك لەڕێوايەتێكدا هاتووە : ( نهى رسول الله - صلى الله عليه وسلم – عن بيعيتين فى بيعة ) { رواه الترمذي وابن حبان والبيهقي واحمد وغيرهم } واته : پێغەمبەر – دردودى خواى لەسەر بێت – قەدەغە ورێگرى كردوە له دوو گرێ بەست لەيەك مامەڵەدا ) ئەمەش مەبەست ئەو مانايەى سەرەوەيە كە باسمان كرد، لەفەرموودەيەكى تردا هاتووە : ( عن عبد الله بن عمر أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: إذا تبايعتم بالعينة، وأخذتم أذناب البقر، ورضيتم بالزرع، وتركتم الجهاد سلط الله عليكم ذلاً لا ينزعه شيء حتى ترجعوا إلى دينكم ) { رواه أحمد وأبو داود} واته : هەركاتێك ئێوه مامەڵەتان كرد بەشێوازى – العينة – ودەستتا گرت به كلكى مانگاوە - واته خۆتان بەئاژەڵدارى ووڵاخدارى –يەوە خەريك كرد وە ڕازى بوون بەشتوكاڵ و وازتان هێنا له تێكۆشان له پێناو خوادا، ئەوە خواى گەورە زەليلى و ڕسواييتان بەسەردا زاڵ دەكات ولەسەرتان لانابات هەتا ئەو كاتەى دەگەڕێنەوە بۆلاى ئاينەكەتان .